کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-8-2007 1:17 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەیانی ناوەندی هەولێری پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان بۆرای گشتی**

دوا بەدوای جیابوونەوەی بەشێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتمان لە بەرواری (2007/3/26) راگەیاندرابوو هەربۆیەش ئێمە کۆمەڵێك کارگێرو ئەندامانی ناوەندی هەولێری پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان پەیوەست بوونی خۆمان بە باڵی جیابۆوەی پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان رادەگەیەنێن خەمخۆری خۆمان بۆ خەبات و قوربانیدانی ئەو پارتە و مێژووەکەی دوپات دەکەینەوە لە درێژە دان بە خەباتی پر سەروەریمان، دیارە مانەوەی ئێمە تا ئەو بەروارە پەیوەست بوو بە کۆمەڵێك هۆکاری خودی و بابەتی بۆیە لەم بەروارە بەروارە تێکۆشانی خۆمان لەریزەکانی ئەو پارتە درێژە پی دەدەین و هێزو توانای خوشمان چیتر لەنێو ئەم باڵەی ماونەتەوە بەفیرۆ نادەین کە بە عەقلیەتێکی ناوچەگەری سیاسەت دەکەن، رابردوو تێکۆشانی ئێمە لای هەموو لایەك دیارە کە خاوەن فیکرو بیروباوەری سەربەخۆ خوازین و بروامان بە خەباتی مەدەنی و سەردەمیانە هەیە، ئەمرۆش کە گەلەکەمان لە قۆناغێکی هەستیارو چارەنووساز تێپەر دەبێت و لەلایەکی تر چاوسورکردنەوەی دوژمن و داگیر کەران بۆ ئەوەی ئەزمونی باشوری کوردستان تێکدبەدن قۆناغی ئەمرۆمان ئەوەمان لی دەخوازی وەك ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی کە درێژە بە خەبات بدەین توواناکانمان بۆ خەباتی رزگاری نیشتمانی بخەینە گەر، بۆیە کادرو ئەندامانی پارتمان دڵنیا ئەکەینەوە کە لە تێکۆشانێکی سەرسەخت ئەبین تا گەیشتن بە ئامانجەکانی پارتمان بۆ بەدیهێنانی دروشمەکانی سەربەخۆیی و ئازادی و دادی کۆمەڵایەتی لە کۆتاییدا ئەوە رادەگەیەنین کە پەیوەست بوونی خۆمان بەباڵی پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان رادەگەیەنین کە لە رێکەوتی (26/ئاداری/2007) جیابوونەوەی خۆیان راگەیاندبوو

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێگای ئازادی و کوردستان
بژی سەربەخۆیی و ئازادی ودادی کۆمەڵایەتی
بژی کوردوکوردستان

هەولێر باشوری کوردستان
2007/8/30

کارگێرو ئەندامانی ناوەندی هەولێری
پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.